**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**بەیانی گومركی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بە بڕگەی دووەم لە ماددەی (١٧)ی یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ی هەموارکراو ، و ماددەی (٥) لە یاسـای گومرگی ژمارە (٢٣)ی سـاڵی ١٩٨٤ی هەموارکراوە وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندابە :-

- گۆرینی ناوی (بنکەی گومرگی جوندیان ) ســـەر بە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی حاجی ئۆمەران بۆ بنکەی گومرگی (سۆران ) .
- لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**هەمواری بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

ئاماژە بەبڕیاری ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (١٩) لە ٢٠٢٢/٤/٥) پاڵپشت بە بڕیاری دادگای باڵای ئیتحادی ژمارە (٧٢/اتحادية /٢٠٢١ لە ٢٠٢١/١٠/٢٠ ) وە ئاماژە بە بەیانمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢) کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (٢٨٣ لە ٢٠٢٢/٦/٢٠ ) بڵاوکراوەتەوە وە لە بەر بەرژەوەندی گشتی و باشتر بەڕێوەچوونی کارەکان بڕیارماندا بە ئەم هەموارکردنە .

**یەکەم:** گواســتنەوەی ســەرۆکایەتی دادگای گومرگی بۆ ســـەرۆکایەتی دادگاکانی تێهەڵچوونەوە لە ( هەولێر – سلێمانی – دهۆک – گەرمیان )

**دووەم:** گۆڕینی ناوی بەرێوەبەرایەتی کاروباری دادگای گومرگی بۆ بەرێوەبەرایەتی کاروباری داوا گومرگیەکان .

**ســێیەم:** گۆڕینی ناونیشـانی بەرێوەبەری کارگێری دادگا بۆ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری داوا گومرگیەکان .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**